

# فیلمی توتسی

## پاڵەوانێتییەکی شاراوە لەنێو ناوەندێکی هونەریدا

**خوێندنەوەی / هەوار شەریف**

*نواندن: داستن هوفمان، جیسیکا لانج، تیری غلر، دابنی کولیمان، چارلیس دورنینج، بیل مورای، سدنی بولاک.*
*دەرهێنانی: سدنی بولاک*
*سیناریۆ: لاری جیلبارت*
*وێنەگرتن: وین رویزمان*
*مۆسیقا: ریف گروسین*
*بەرهەم: سدنی بولاک، دک ریتشاردس*
*ساڵ: ١٩٨٢*

فیلمی توتسی بۆ دەرهێنەر سیدنی بولاک هەنگاوێکی مەزن بوو،

بەدەر لەوەی کە ئەم فیلمە بووەتە جێی گرنگی بینەران یان ڕەخنەگران.

ئەم فیلمە لە نواندنی ئەکتەری مەزن (داستن هوفمان)ە، بودجەی ئەم فیلمە تەنها ٢٢ ملیۆن دۆلار بوو.

فیلمەکە کۆمیدیایەکی کۆمەڵایەتییەو چارەسەری کێشەیەکی گرنگو تایبەت دەکات، دەربارەی پاڵەوانێتییەکی شاراوە لەنێو ناوەندێکی هونەریدا. هوفمان لەم فیلمەدا ڕۆڵی کارەکتەرێکی شانۆیی بەرجەستە دەکاتو بەردەوام تووشی دۆڕانو سەرنەکەوتن دەبێت بەوەی ڕۆڵێک ببینێت لە شانۆ یان لە تەلەفزیۆن، تەنها هۆکار ئەوە نییە کە ئەکتەرێکی خراپە، بەڵکو بە بۆچوونی بەرهەمهێنەرانو دەرهێنەران ئەکتەرێکی بێزارکەرەو دەستدەخاتە نێوکاری کەسانی دییەوە، لەبەرئەوە ناچاردەبێت کە وەک خزمەتگوزارێک لە یەکێک لە قاوەخانەکاندا کاربکات بۆ ئەوەی ژیانی دابینبێت، لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاهێنان بە هەندێک لاوی تازە لە بواری نواندن، بەڵام بەشێوەیەکی کتوپڕ بڕیاردەدات لە شێوەی ژندا خۆی بشارێتەوە تا بەشداریی لە وەرگرتنی ڕۆڵی ئافرەتێک بکات لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکی جەماوەریدا، هەروا کچە هاورێکەی لە وەرگرتنی ڕۆڵەکەدا سەرکەوتوونابێت ئەم هەنگاوەشی لە خۆگۆڕینی لە شێوەی ئافرەت لەبەر ئەوە نییە کە بۆ پارەبێت، بەڵکو وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دادەنێت بەوەی کە توانایەکی نواندنی باڵای هەیە.

هوفمان لە وەرگرتنی ڕۆڵەکەدا سەرکەوتوودەبێت، هەروەها دەبێتە ئەکتەرێکی ناودارو بەتواناش بەهۆی ئەو بەرجەستە باشەی نواندی لەو زنجیرەیەدا، بەڵام لە بەرامبەردا ڕووبەڕووی هەڵوێستی نەشیاوو کێشەی سۆزداریو دەروونی دەبێت کە ناچاری دەکات دووبارە بەدوای شوناسیدا بگەڕێتو دووبارە دەستدەکات بەوەی بەدوای کاردا بگەڕێت.

فیلمی (توتسی) لە بنەمادا لەسەر تواناکارییەکانی ئەکتەرێکی گەورەی وەک داستن هوفمان وەستاوە، تواناکانی بۆ باوەڕپێکردنی بینەرانی بەو ڕۆڵەی کە لە شێوەی ئافرەت دەبینێت، بە ڕاستی ئەم ڕۆڵەشی مایەی سەرسوڕمانەو بە ڕاستی یەکێکە لەو ئەکتەرانەی بە ڕۆڵی سەرنجڕاکێشو کارەکتەرە تایبەتمەندەکان ناسراوە، هەرگیز ئەو ڕۆڵە جوانانەی لەیادناچێت لە فیلمەکانی (دەرچوو ١٩٦٧- ئەو ڕۆڵەو بەرجەستەکردنی ڕۆڵی ئافرەت دەڵێت: «ئەو خاڵەی کە زۆر هاندەربوو بۆ جێبەجێکردنو بەشداریکردنم لەم فیلمەدا، پەیوەستبوونمە بە سینەماو بە کەسانی دیو لەپاشان دەرهێنەرێکی مەزنی وەک سیدنی بولاک کە زۆربەی فیلمەکانی روبریت رید فۆردی دەرهێناوە، بە ڕاستی ئەکتەری دەرهێنەرە، ئەو دەرهێنەرە کە زۆباش دەزانێت فیلمەکانی دەربهێنێت (هەستا بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری کاری هوفمان لە فیلمی توتسی)، لەپاشان ئەم ڕۆڵە ڕۆڵێکی ئاوێتەو دوولایەنە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو لە بواری نواندنمدا کە بەرجەستەی دوو ڕۆڵی زۆر جیاواز بکەم، من عاشقی بەرجەستەکردنی ڕۆڵە ئاڵۆزو گرانەکانم کە دواتر شێوەیەکی زۆر تایبەتمەندو باڵا بۆ ئەکتەرەکە دەخولقێنێت، لەو باوەڕەدام زۆر گرانە ڕۆڵێک ببینیت کە هەرگیز لە خودی خۆتەوە نەبێت واتە هەستو سۆزو بیرکردنەوەی ئافرەتێک بێت».

هەروەها دەربارەی دەرهێنەر سیدنی بولاک هەر لە یەکەمین دەرهێنانی فیلمی کۆمیدی سەرکەوتوو دەبێت، پاش ئەوەی زنجیرە فیلمی درامیو گرنگو نایابو سەرکەوتوو دەردەهێنێت، لە نموونەی بێزارکردنو گاڵتەکاری بە بینەر لەنێو فیلمی (توتسی)دا سەرکەوتوودەبێت، ئەم فیلمە زۆرجار بەپێی ڕای دەرهێنەر سیدنی بولاک دەبێتە فیلمی هۆفمان.

ئەم فیلمە لە کۆتاییدا پەیرەوی هەندێک بنەماو ڕێسای ناسراوی سینەمای کۆمیدی دەکات، خستنەڕووی ئەم بابەتو بیرۆکەیەش شتێکی تازە نییەو دەرهێنەر هەولیداوە بیرۆکەکە نەخاتە نێو چوارچێوەیەکی کۆمیدی ڕاستەوخۆ بۆ خستنەڕووی هەندێک کێشەو گیروگرفت کە هونەرمەندان ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانەش بێکارییەکی شاراوەیە لەنێو ناوەندی هونەریو هەموو ئەو داچوونو ڕۆچوونانەی کە هونەرمەند لە ماوەی ژیانی کارکردنیدا تووشی دەبێت، هەروەها ئەم فیلمە کێشەیەکی زۆر گەورە بەدەردەخات ئەویش ئەو پەیوەندییانەیە کە لەنێوان ئەکتەرەکەو ئەو کارەکتەرانەی بەرجەستەی دەکات، لێرەدا پرۆسەیەکی گۆڕینی بەردەوام هەیە ئەو گۆڕینەش دە گاتە ئاستێک کە دەگۆڕێت بۆ ژنە ئەکتەرێک، کە ئەوە کێشەیەکی بەردەوامەو دەرهێنەر لەنێو دارشتەیەکی نایابدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو بابەتانەی بەرجەستە کردووە.

# دیمانەیەک لەگەڵ میسیو پوارۆدا

**زێنەب یوسفی**

میسیو پوارۆ، یەکێک لە بەناوبانگترین ئەڵقە تەلەفزیۆنییەکانی دنیایە. دەیڤید ساچت، ئەکتەری بەریتانیایی، لە نەخشی پۆلیسێکی زیرەک، وەسواسو زۆر بە ئەدەب بەناوی میسیوو پوارۆ پاریی دەکات. بۆ یەکەمینجار ئە م ئە لقە تەلەفزیۆنییە لەساڵی ١٩٨٨ تاکو١٩٩٤ لە بەریتانیا بڵاوببوەوەو پاشان لە تەلەفزیۆنەکانی دونیا بەگشتی، بڵاوکرایەوە.

ساچت خەڵکی لەندەنەو لە ساڵی ١٩٤٦ لە بنەماڵەیەکی ڕەسەندا لەدایکبوو. باوکی دوکتۆرەو براکانیشی لە تەلەفزیۆنەکانی بەریتانیا ئیشدەکەن. خۆی لە ١٨ ساڵانەوە

سەرەڕای ئەوەی کە حەزی دەکرد ببێتە دوکتۆر، بڕیاریدا لە داهاتوودا ببێتە ئەکتەری سینەما. لەم ڕووەوە بۆ یەکەمین هەنگاو، ببوە ئەندامی شانۆکارانی لاوانی وڵاتو پاش ٣ ساڵ لە ئەکادیمی هونەرە جوانەکاندا دەستی کردە خوێندنو لەئاکامدا، لەساڵی ١٩٧٣ چووە کۆمپانیای مەزنی ڕۆیاڵ شێکسپیێرو دەستی کردە یارییکردن لە تەلەفزیۆنو سینەما.

**× ئایا تۆ هەر لەسەرەتاوە حەزت دەکرد ببیتە ئەکتەر؟**

– بەراستی نە. زۆرتر حەزم دەکرد ببمە دوکتۆر، بەڵام لە دەرسەکانی ماتماتیک، زۆر بە هێزو چالاک نەبووم، ڕەنگە ئەم حەزەی من هی ئەوەبوو کە باوکم دوکتۆربوو، دونیای ئەو بەلامەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

**× ئەم هەستەی تۆ لەکوێوە دەستییێکرد؟**

– هەر ئێستا دەتوانم ئەو ساتانە بێنمە پێش چاوانم کە بڕیارمدا ببمە ئەکتەر. خەریکی یارییکردن لە شانۆیەکدا بە نووسینی «بن جانسن» لە کۆمپانیای ڕۆیاڵدا بووم، لە ئاخرین

ڕۆژدا کە تەمرینەکان ئاکمیان هات، من خۆم بەتەنیا ڕۆیشتمە سەر سەکۆی شانۆ، کە سەیرم کردو بینیم کەس لە هۆڵەکە نەماوەتەوە و گلۆپەکان بەگشتیی هەڵکرابوونو کەشو هەوایەکی زۆر سەرسوورهێنەرم بەلاوە دروستکرا، هەستێکی نوێ بوو، لەو ساتانە وام لێ هات کە بەلای خۆمەوە بڕیارمدا کە هیچکات دەست هەڵگیری ئەو ئیشە نەبمو بیر لە هیچ کارێکی دی نەکەمەوە.

**× ئەوکاتانە بیرت دەکردەوە کە کاتێک بکات کە تۆ ببیتە مسیو پوارۆ؟**

– بە ڕاستی نە، کاتی ئە و پێشنیارە بە من کرا، من پوارۆم نەدەناسیو دەستم کردە خوێندنی چیرۆکەکانی ئاگاتا کریستیو حەزم لە کەسایەتی پوارۆ کردو بڕیارمدا کە لەو نەخشە یاریی بکەم.

**× لەڕووی چییەوە تۆیان بۆئەم نەخشە هەڵبژارد؟**

– «ڕۆزالینا هیکس» چەندساڵێک پێش، منی لە فیلمێکدا بینی بوو، ئەو هەر لەوێیە وە منی بۆ ئەم نەخشە دەستنیشان کردبوو.

**× ئایا پێشتر بۆ لەجێی پوارۆ تۆیان فێری ئەو زاراوەیە کردبوو؟**

– نە، بەڵام چونکە بە ڕامانەوە چیرۆکەکانی ئاگاتا کریستیم خوێندەوە خۆم بۆ خۆم ئەو لەجەمە دۆزییەوە، پوارۆ سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی، وڵاتی بلیک بوو، بەڵام بە فەرەنسیی قسەی دەکرد.

**× تۆ لەکام بەشی ئەم ئەڵقە تەلەفزیۆنییە، زۆرتر حەزت دەکرد؟**

– لە بەشی «کوشتنی ڕاجر ئاکرۆید» زۆرتر لەوە حەزم دەکردو بەشی کوشتنەکانی «ئەی بی سی» م بە دڵ بوو.

**× جگە لە یارییکەریی حەزت لە چ کارێکە؟**

– زۆرزۆر حەزم لە ئیشکردن بە کامێرایە، لە مۆسیقایش بەراستی لەزەت دەبەم، کتێبیش دەخوێنمو حەزیشم لە بەلەمسوارییە.

**گۆڤاری: فچیلت خانوادە**